## فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

## INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES - IFIR

# بەر ئەنجامی ریکەوتنی نیوان حکومەتی هەریمی کوردستان وحکومەتی بەریتانیا شەپۆلیکیتر لەپەنابەران بۆ کوردستان دیپۆرت کرانەوە!

ئەمرۆکاتژمیر 5 سەرلەبەیانی ژمارەیەکیتر لەپەنابەرانی کورد کە لەچەند رۆژ لەوەو بەر وبەدوای هەڵمەتی شەوانە رۆژی پۆلیسی بەریتانیا دەستگیرکرابوون و لەنیو گرتووخانەکانە دەستبەسەرکاندا راگیرابوون، بەدەستی کەلەپچەو لەریگای فرۆکەخانەی سەربازی (برایزن نورتن) لەشاری ئۆکسفۆردەوە راوانەی شاری هەولێر کرانەوە.

دەولەتی بەریتانیا کەخوی لایەنیکی شەرو داگیرکاری و نائارامی خەلکی عیراق و راگرتنی کۆمەلگای کوردستانە لەهەلومەرجیکی نادیاری سیاسیدا،لەژیر ناوی بەرقەرابووونی "پرۆسەی دیموکراسی لەعیراق" و بەشداری دەسەلاتدارانی کوردی لەم پرۆسەیەدا، دەستی داوەتە راونان و گرتن و دیپۆرتی پەنابەرە کوردەکان، ئەمە لەکاتیکدایە کە دواین راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەرخەری ئەوراستیەن کە نەلەعیراقدا جیگایەك بۆئارامی و ئاسایش و ژیانیکی ئاسایی ماوەتەوە و نە کوردستانیش لەژیر رەحمەتی کوشتار و تیرورو جەنگ و داگیرکاریدا لەهەلومەرجیگی چەسپاو جیگیر بەهەرمەندە. هەربەم هۆیەشەوەیە کە رۆژانە سەدان کەنج و لاوی کوردستان بەهۆی بارگرژی و دلەراوکێی سیاسی و نادیاری چارەنوسی خەلکەوە لەم وولات هەلدین و بەسەر چەندین بەربەست و وتەلی درکاویدا ریگای سنورەکان دەبرن بەخاتری ئەوەی لە پەنایەکی ئارام و ئینسانی دا بگیرسینەوە.

بەلام ئەمە تەنها لایەکی مەسەلەکەیە، سیاسەتی سازان و ریکەوتنی ژیربەژیری دەسەلاتدارانی کوردستان بەچارەنوسی پەنابەرانی کوردەوە لایەنیکیترە کەژیانی ئەم دەیان گەنج و لاوەی کوردستانی بەدیپۆرتکردنەوەکیشاوە و هەرئیستاش هەزارانیتری لەژیر مەترسی گەرانەوەی بەزۆردا لەوولاتی بەریتانیاو باقی وولاتانی تری ئەوروپادا راگرتووە.

حکومەتی هەریمیکوردستان، ویرای داواکاری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بەنامەیەکی رەسمی بۆ رازی نەبوون بە وەرگرتنەوەی پەنابەران و هەلوەشاندنەوەی هەرجۆرە ریکەوتن نامەیەك کەسیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران ئاراستەدەکات، کەچی کاربەدەستان لەسەرو خواستی پەنابەرانەوە بەخستنە ئیختیاری فرۆکەخانە وکۆمپانیای گیرانەوەی پەنابەران پیشوازیان لەم سیاسەتەی دەولەتی بەریتانیا کرد. حالەتیکی ئاواش بیگومان سەلمینەری ئەوەیە کە ئەو دەسەلاتەی ئەمرۆ لەکوردستان لەئارادایە بەقەد سەرەدەرزیێیەك لەگەل خواست و ئارەزووەکانی خەلکی کوردستاندا نزیکایەتی نییەو بگرە پێچەوانەی خواستی خەلکی کوردستانە بۆ ئازادی و بەهەرمەند بوون لەژیانیکی ئارام و شایستەی ئینسانی.

هاوکاری بۆدیپۆرتی پەنابەران لەلایەن حکومەتیکەوە کە ناتوانی لانی کەم ئاو کارەبا و سووتەمەنی و ومال و حالیك بۆ هاولاتیانی ژیردەستی دابین بکات و دواتریش لینا گەریت رووڵەکانی خەلکی کوردستان بەمافی پەنابەریتی بەهەرمەند بن تەنها شایستەی ئەوەیە کە لەگەل نارەزایەتی جەماوەری خەلکی کوردستان لەدەرەوە و لەناوە بەرەو رووببیتەوە.

ئەم سیاسەتە پێویستە لەهەرلایەنەیکەوەبێت ریسوا بکرێ.

پیویستە ریگانەدری هەنگاوەکانی حکومەتی بەریتانیا دەرگای پەلامارکاریکی فراوان بۆدیپۆرتی پەنابەرانی کورد لەباقی وولاتانی ئەوروپا بخاتەسەرپشت. هەروەها پیویستەلەکوردستانیش حزب و لایەنە سیاسی و رێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان فشار بخەنە سەر حکومەتی هەریمی کوردستان بۆ هەلوەشانەوەی هەرجۆرە ئیتفاقاتیکی نیوان ئەم دەسەلاتەو دەولەتانی ئەوروپایی و ریگانەدەن فرۆکەخانەو زانیارییەکان لەکوردستان بخریتە خزمەتی سیاسەتی بەزۆری گیرانەوەی پەنابەران. پیویستە کەسو کاری ئەم پەنابەرانە و سەرجەم خەلکی ئازادی خوازی کوردستان بۆ دیفاع لە خواستی رۆلەکانیان دەنگی نارەزایەتی بەرووی حکومەتی بەریتانیا ودەسەلاتداران لەکوردستان هەلبڕن و چیتر ریگانەدان کایە بەچارەنووسی پەنابەرانی کوردستانەوە بکرێ. فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بەوپەری تواناوە تیدەکوشیت تا هەلوەشانەوە و بەشکستکیشانی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانی و بەدیهێنانی سەرجەم خواستەکانی پەنابەران.

**سەرکەوتن بۆ ریزەکانی یەکگرتووی پەنابەران**

# سکرتاریەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

2007-2-12


| بۆپەیوەندی بەسکرتاریەتی فیدراسیۆن | | | |
|---|---|---|---|
| Jasm Ghafur | Burhan Fatah | Dashty Jamal | Aram Hama Saeed |
| Mob: 07877489620<br>jasm_rg@yahoo.co.uk | Mob: 07929010257<br>Office: 01612342784<br>burhanfatah@aol.com | Mob: 07856032991<br>d.jamal@ntlworld.com | Mob: 07729182083<br>aram75dokani@yahoo.co.uk |
| **Address: PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON, UK** | | **IFIR Website: www.csdiraq.com** | |